# ڕاپۆرتی ڕێزگرتن له ڕۆژی كۆمه‌ڵه -ستۆكهۆڵم

ڕۆژی شه مه 28ی ژانویه‌ی ساڵی 2006ی زایینی به بۆنه‌ی 26ی ڕێبه‌ندان ( ڕۆژی كۆمه‌ڵه ) له شاری ستۆكهۆڵم پێته‌ختی سوئێد ، ڕێوڕه‌سمێكی پڕشكۆ بۆ ڕێزگرتن له 27 ساڵ خه‌بات و تیكوشانی ئاشكرای كۆمه‌ڵه پێكهات.
ساڵۆنی گه‌وره‌ی سۆڵناهاڵن له شاری ستۆكهۆڵم به شێوه‌یه‌كی بێ وێنه رازابووه‌وه ،دروشمه‌كانی (سه‌ركه‌وتوو بێت بزوتنه‌وه‌ی شۆڕشگێڕانه‌ی كوردستان، بژی سۆسیالیسم و تێكوشان بۆ پێكهێنانی به‌ره‌یه‌كی كوردستانی) و ئالآی كوردستان و ئالآی كۆمه‌ڵه به ئه‌ستێره سووره‌كه‌یه‌وه سرنجی به‌شداربووانی راده‌كێشا .وێنه‌كانی خه‌باتی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵكی كوردستان بۆ رزگاری له ژێرده‌ستی نه‌ته‌وه‌یی و بۆ عه‌داڵه‌تی كۆمه‌لآیه‌تی و ئازادی و سروده شۆڕشگێرانه‌كانی كۆمه‌ڵه به پرۆژێكتور بلآو ده‌بوونه‌وه.وێنه‌ی كاك حه‌مه حۆسێنی كه‌ریمی كه رۆژی كۆمه‌ڵه به دوای گیان به‌خت كردنی ئه‌و به‌م ناوه ناوزه‌د كرا و بوبه‌ره‌مزی په‌یمان تازه‌كردنه‌وه له‌گه‌ڵ ئامانجه‌كانی كۆمه‌ڵه و ئاواته‌كانی گه‌لی چه‌وساوه‌ی كوردستان، و هه روه‌ها وێنه‌ی كاك فوئاد وه ك یه كێك له رابه‌رانی گیان به‌ختكردووی كۆمه‌ڵه و خه‌باتی شۆڕشگێڕانه‌ی خه‌ڵكی كوردستان و یه‌كێك له دامه‌زرێنه‌رانی كۆمه‌ڵه ده بیندرا. وێنه‌یه‌كی خاتوو مه‌رزیه‌ی فه‌ریقی كه هه‌میشه به‌شداری خه‌موو شادیه‌كانی خه‌ڵكی كورد بوو و له یاده‌كانی كۆمه‌ڵه دا به‌شداری چالاكی هه‌بوو، بۆ ڕێزگرتن له یادی ئه‌و هۆنه‌رمه‌نده شۆڕشگێڕه دانرا بوو.
له كاتژمێر 6ی ئێواره‌وه پۆل پۆل تێكۆشه‌ران و میوانان به‌جل وبه‌رگی رازاوه‌وه ده‌هاتن بۆ به‌شداری له‌م یاده‌دا.
به‌رنامه‌كه به سرودی كۆمه‌ڵه‌ی زه‌حمه‌تكێشان ده‌ستی پێكرد، پاشان بۆ ڕێزگرتن له‌یادی گیانبه‌ختكردوانی ڕێگای ئازادی و رزگاری، ده‌قیقه‌یه‌ك بێده‌نگی راگیرا. پاشان هاوڕێ عومه‌ر ئیلخانیزاده ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسی كۆمه‌ڵه به بۆنه‌ی رۆژی كۆمه‌ڵه‌وه وتارێكی پڕ بایخی پێشكه‌شی به‌شداربوان كرد.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

به دوای قسەکانی هاوڕێ عومەر، پەیامی کۆمەڵە بە زمانی سۆئێدی پێشکەش کرا.
پاشان پەیامی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکیەتی نیشمانی کوردستان، پارتی دیمکراتی کوردستان، حزبی دمکراتی کوردستانی ئێران و فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان پێشکەش کرا. بەدواییدا حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی سۆئێد و حیزبی گە ل و حیزبی ژینگە لە لاین نوێنە رە کانیان خویندرایەوە، و هەر وەها نوێنە رە ی فیدراسیونی کۆمەڵە کوردیەکان و رۆژنامەوانی بە ناو بانگ کوردۆ باکسی وتاریان پێشکە ش کرد.پاشان سپاسی پەیامی پیرۆزبایی حیزبی شیوعی ، پارتی سە ر بە خۆیی کوردستان ، فدراسیۆنی ئازەربایجانیەکان و یە کیتی ژنانی کوردستان وکومیتە ی پلاتفۆرمی نەتەوەیی بۆ رۆژ هەڵاتی کوردستان کرا.
بەرنامەکە لە بەشی هونەری دا بە بەشداری هونەرمەندان جەلال نەقشبەندی و میکاییل و پرشنگ توانا و ماردین و نارین وجوودی ونەجمە الدینی غولامی رازایەوە و شادی و هەلپەرکێ وخۆشی هۆلەکەی پڕ کردبوو. ڕێو و ڕەسمەکە بە ئاواتی سەرکەوتن و جێژن گرتن لە کوردستانی ئازاد دا کۆتایی پێ هات.

کومیتە ی بەڕێوەبەری رۆژی کۆمەڵە لە ستۆکهۆلم- سوئێد
komala_sto@yahoo.se 01 /02/ 2006

## چەند دیمەنێک لەو ڕێورەسمە

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com







PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com







PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com